# هێمن كامیل:

# خانەی نەتەوە لە فۆرمی سەرژمێریدا!

سەرەڕای دروستكردنی بەربەستی بەردەوام لە پێش بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانو دۆزینەوەی چەندین پاساوی بێ بنەما تاوەكو ڕێگری بكەن و نەهێڵن لەم كاتەدا سەرژمێری بەرێوە بچێت.

لەگەڵ ئەوەشدا شۆڤێنیەكان هەندێك داوایان هەیە كە دەیانئەوێت لە فۆرمی سەرژمێریدا جێگەی بكرێتەوەو بیچەسپێنن كە دورە لە هەمو نیەتێكی باش یاخود زانستی تاوەكو لە حاڵەتێكدا ئەگەر هاتو پرۆسەكە ئەنجامدرا ئەوا بەشێك لە خەونو مەرامە شۆڤینیەكانیان لە ڕێگەی فۆرمی سەرژمێرییەوە بە دیبهێنن.

چاوەڕوانی گەورەی كورد لەم سەرژمێرییە لە پاڵ لایەنە زانستیەكەیدا ئەوەیە كە قەبارەو ژمارەی راستەقینەی خۆی بزانێت، چونكە لە دوای لكاندنی ئەم بەشەی كوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە هەمیشە كار لەسەر ئەوە كراوە كە چۆن ژمارەی راستەقینەو تەواوی نەتەوەی كورد بشاردرێتەوە.

هەر بۆیە لە سەرژمێرییەكانی رابردودا بە تایبەتی ئەوانەی لە سایەی فەرمانڕەوایی بەعسیەكاندا ئەنجامئەدرا، چەندین پێكهاتەی كورد بێویستی خۆیان بە عەرەب ناونوسدەكران لەوانە شەبەكو یەزیدی، بەڵام ئەگەر لە ئێستادا سەرژمێری ئەنجامبدرێت ئەوا هەمو یان بەشی هەرە زۆری ئەو پێكهاتانە خۆیان بە كورد تۆمار دەكەن.

هەوڵدانیش بۆ ئەوەی لە فۆرمی سەرژمێریدا ئەو دوو پێكهاتەیەی كۆمەڵگەی كوردی بە نەتەوەیەكی سەربەخۆ دابنرێن لە هەمان ئەو هزرەوە سەرچاوەی گرتەوە كە هەر یەكە لە یەزیدیو شەبەكی لە رابردودا بە عەرەب داناوەو لە مافی كورد بون بێبەشی كردون .ئەگەر ئەوان لە روانگەیەكی سەردەمیانەو مرۆڤانە و نیشتیمانیەوە وەك خۆیان ئاماژەی بۆ ئەكەن داوای لابردنی خانەی نەتەوە ئەكەن ،ئەی بۆ لە لایەكی دیكەوە دەیانئەوێت چەند نەتەوەیەكی دیكە دروست بكەن .

یان ئەگەر ئەوان ئاشكرابونی ژمارەی تەواوی كورد بە مەترسی بۆ سەر ئایندەی عێراقو یەك پارچەیی وڵات دەزانن ئەوە كەی كێشەی كوردە. چونكە نەتەوەیەك هەیە لەم وڵاتەدا بێویستی خۆی خراوەتە چوار چێوەی دەوڵەتێكەوە پێی دەوترێت عێراق بۆ مافی زانینی ژمارەی راستەقینەی خۆی لێزەوت بكرێت و بەخشراوێكی خوایی لێوەربگرێتەوە كە كورد بونە .هەروەها ئەگەر هەر سورن لە سەر ئەوەی كە خانەی نەتەوە نەمێنێت ئەوا كورد مافی خۆیەتی بۆ ئەمجارە پێداگری لەسەر هێشتنەوەی ئەم خانەیە بكات، چونكە ئەگەر لە جارەكانی داهاتودا ئەم خانەیەش لابدرێت وەكو ئێستا

کاریگەری خراپی نابێت لە سەر کوردو ساڵانە دەتوانرێت لە ڕێگەی ڕێژەی نزیك کراوەوە ژمارەی خۆمان بزانین.

hemnkamil@gmail.com